# خوێندنەوەی ئێستا، نووسینەوەی مێژوو:
# بیر و بەرنامە بۆ کوردستان

## نووسینە کوردییەکانی کەمال میراودەلی
## لە دەرەوەی وڵات 1984- 1998

(14) پریسترۆیکا وەك نموونەی ریفۆرمی رادیکالی

گۆرباچێڤ و پریسترۆیکا: شیکردنەوەو لێکدانەوە
پەیڤ ژمارە 10 & 11 June 1989

سەروشە
لەو کاتەوە گۆرباچێڤ بوو بە سکرتێری گشتیی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت لە مارتی 1985 دا ، وشە یان زاراوەی " پریسترۆیکا و گلاسنۆست" بوونە وشەی جیهانی باو و ، زمانە زیندووەکانی دنیا بێ هەوڵی تواندنەوە و تەرجەمەکردن وەك خۆیان وەریان گرتوون و بەکاریان دێنن. ئەمەش دیارە لەبەر ئەو راستییەیە کە ئەم دوو وشانە زۆر لە وشە زیاترن، چونکە بوونە دەربڕین و نیشانە و نوێنەری رێبازێکی مێژوویی سیاسی و ئایدیۆلۆژی نوێ لە یەکێتی سۆڤیەتدا، دیارە بە حوکمی شوێنی یەکێتی سۆڤیەت وەك یەکێ لە دوو دەوڵەتە هەرە مەزنەکەی جیهان، ئەم رێبازە مۆرکێکی جیهانیشی وەرگرتووە و کەژ و دەوروبەرێکی سیاسی و سەربازی و دیپلۆماسیی نوێی لە دنیادا خوڵقاندووە کە تا ئێستا، چ لەناو سۆڤیەت و چ لە دەرەوەیدا، لە قۆناغی هەڵچوون و فراوان بوون و تاقیکردنەوەدایە.
بێگومان باشترین و بەدەسەڵات ترین سەرچاوە بۆ پێ ئاشنابوون و تێگەیشتنی بنچینە و بیر و بابەتەکانی پریسترۆیکا و شوێنیان لەناو چوارچێوە و پرۆسەی مێژوویی جیهانی سەردەمدا، کتێبەکەی گۆرباچێڤ خۆیەتی کە بە ناوی {نپریسترۆیکا: بیرکردنەوەی نوێ بۆ وڵاتەکەمان و بۆ جیهان} لە ساڵی 1987دا نوسی و بەخێرایی بە زمانی ئینگلیزی و زۆر لە زمانەکانی تری دنیا بڵاو کرایەوە.

بەداخەوە هێشتا ئەو کتێبە بۆ زمانی کوردی وەرنەگێڕدراوە.. بۆیە بۆ ئەوەی خوێنەری وریای کوردیش لە تێگەیشتن و ئاگاداربوونی ئەم رەوتە جیهانییە نوێیە بێ بەش نەبێ، بە پێویستم زانی بیروڕا و بۆچوون و سەرەتاگە سەرەکییەکانی ئەو کتێبە، بە شیکردنەوە و لێکدانەوەوە، بخەمە بەرچاو و هۆشی مرۆڤی کورد، بە بێ ئەوەی بیرەکان هەڵسەنگێنم یان هەڵوێستێکی رەخنەییان بەرامبەر وەربگرم. دیارە ئەمە مانای ئەوە نییە کە لەبەر ئەوەی، وەك لە سەرەتاوە وتمان، پریسترۆیکا هێشتا لە پلەی هەڵچوون و ئەزموونداِیە، ناشێ ئێمە بە تەواوەتی لێی حاڵی بین و هەڵوێستی بەرامبەر وەربگرین.

پریسترۆیکا هەندێ بنەما و بۆچوون و سەرەتاگەی ئایدیۆلۆژیی خۆی هەن کە هەڵوێست و سیاسەتەکانی ئەمڕۆی یەکێتی سۆڤیەتی لەسەر بنیات نراون.

هەڵبەت ئەو بیر و بۆچوونانە هۆکار و پێشینە و بەڵگەی مێژوویی و، لەمەشەوە، ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی خۆیان هەیە.. هەر سەرنجدەرێکی زیرەك بە پێی روانگەی سیاسیی و تێگەیشتنی جیهانیی خۆی دەتوانێ نیشانەی پرسیار بەرامبەر یەکێ یان زیاتر لەو بیر و بۆچوونانە دابنێ.. یان ئەو هەموو قورسایی مانا و لێکدانەوە قبووڵ نەکات کە خراوەتە سەریان و کراوەتە بەهانە یان پاکانە بۆ هەڵوێست و پرۆژەی سیاسی-کۆمەڵایەتی- جیهانیی نوێ.

بەهەر حاڵ، مەبەستی ئێستای ئێمە شارەزابوونە لە پریسترۆیکا خۆی، شێوە و ناوك و ناوەڕۆکی پریسترۆیکا هەروەك گۆرباچێڤ خۆی بۆمان روون دەکاتەوە.

دیارە ئەمە هەنگاوێکی پێویست و جەوهەرییە.. لێ ئاگاداربوون، ناسین و تێگەیشتن بەر لە هەڵسەنگاندن و نرخاندن و رەخنە لێ گرتن، بە تەمای ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا ئێمەمانانیش، هاوڕێ لەگەڵ ملیۆنەها مرۆڤی ئەم سەردەمەماندا، بتوانین هەڵوێستی خۆمان بەرامبەر پریسترۆیکا لە رەوتە گشتییە گەردونییەکەیدا، هەروەکو چۆن لە مەیدانی کردار و پراکتیکدا خۆی دەردەخا، روون بکەینەوە.. بۆ ئەم بەرچاوخستن و شیکردنەوەیە، پشتمان بە دەقە ئینگلیزییەکە بەستووە کە لە ساڵی 1987 دا لە لایەن (Collins) ە وە لە لەندەن لە 254 لاپەڕەی گەورەدا بڵاوکراوەتەوە.

*******

## پریسترۆیکا: چۆن؟!

لە پەیڤە پێشەکییەکەدا، گۆرباچێڤ نیازی خۆی لە نووسینی کتێبەکەی دەربڕیوە.

ئەو دەخوازێ لە رێگای ئەو کتێبەوە ( بە بێ نێوانچی) بۆ هاوولاتیانی هەموو دنیا بدوێ.. دەربارەی ئەو شتانەی هەمووان، بە تێکڕایی، بە تەنگیانەوە دێن... زیاتر دەنووسێ.

( من ئەو کتێبەم بۆیە نوسیوە چونکە باوەڕم بە هۆش ساغیی ئەوان هەیە، من قەناعەتم بەوە هەیە کە ئەوانیش، وەك من، بە تەنگ پاشەڕۆژی ئەم سەرزەمینەوە دێن. ئەمە گرنگترین مەسەلەیە.. ئێمە دەبێ پێك بگەین و پێکەوە بدوێین. ئێمە دەبێ بە گیانی هاوکارییەوە، نەك ناحەزێتییەوە، گیروگرفتەکان چارەسەر بکەین. من ئەوە دەزانم کە هەموو کەس لەگەڵ من هاوبیروڕانییە. راستییەکەی منیش لە زۆر شتدا کە کەسانی دی دەربارەی زۆر مەسەلە دەیلێین هاوڕانیم. ئەمە ئاخاوتن { دیبات. گفتوگۆ} زیاتر گرنگ و بەبایەخ دەکا. ئەم کتێبەش بەشدارییەکە بۆ ئەم مەبەستە.

کەوایە پرۆژە و ناوەڕۆکی پریسترۆیکا ( وەك رێباز و وەك کتێب) لەم چەند سەرەتا بنەماییەوە هەڵقولاوە:

1- پاشەڕۆژی سەرزەمین مەسەلە و بەرژەوەندیی هەموو مرۆڤێکە و هەموو تییدا بەشدارین.

2- دەربارەی مەسەلەکان بیروڕای جیاواز هەن. دەبێ ئەو جیاوازییە بزانرێ و بناسرێ و بسەلمێنرێ.

3- ئێمە وەك مرۆڤی هۆش ساغ کە بە تەنگ پاشەڕۆژ و چارەنووسی زەمین و مرۆڤایەتییەوە دێین، دەکرێ و پێویستە لەگەڵ جیاوازی بیروڕا و بۆچوونیشماندا، ئاخاوتن و وتووێژ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە بەینماندا هەبێ.

**ئاخاوتن ( دایەلۆگ، حیوار) مەرجی سەرەکی ژیانی ئەم سەردەمەمانە، شەرت نییە کە ئێمە خۆمان بە راست زانی، هەر ئەوە وەربگرین و سنوور و دیواری ئایدیۆلۆژیی و سایکۆلۆژیی لەگەڵ ئەوانەدا دروست بکەین کە بیروڕای جیاوازیان هەیە.. دەبێ ئاخاوتن ( دایەلۆگ، حیوار) هەبێ.**

**ئاخاوتن مەرجی سەرەکیی ژیانی ئەم سەردەمەمانە.**

**ئەمە سەرەتایەکی گرنگی پریسترۆیکامان دەداتێ: کرانەوە.**

**کرانەوە بەرەو رووی جیهان و باوەش کردنەوە بۆ جیهان.**

**کردنەوەی قفڵ و ئەڵقەڕێز و دەرگا و پەنجەرە داخراوەکان.**

کرانەوە، وەك گۆرباچێڤ دەڵێ، نەك تەنیا بەرەو رووی ئەمەریکا ( دوژمنە مێژوویی یە جیهانییە زەبەلاحەکەی سۆڤیەت)، بەڵکو بۆ تەواوی مرۆڤانی ئەم سەرزەمینە کە هەموویان، کەم یان زۆر، مشوورخۆری مرۆڤایەتین.

یەکەم بنچینەی پرۆژەی ئاخاوتن (دایەلۆگی) پریسترۆیکا لەگەڵ جیهاندا، کردنەوەی یەکێتی سۆڤیەتە بۆ جیهان. باس کردنی {خۆ} یە بۆ {ئەوان}، بۆ

کەسانی تر، بۆ دۆست و بۆ ئەوانەی تا ئێستا نادۆست و ناحەز بوون. بۆ هەموو ئەوانەی { یەکتر ناسین} بە هەنگاوێکی گرنگ و کاریگەری نەهێشتنی شەڕی سارد و گەرم و داڕشتنی دنیایەکی بێ شەڕ و گێچەڵ دادەنێن.
ناساندنی {خۆ} بە کەسانی دی، خۆ کردنەوە بۆیان، بە دروستی، بە دڵفراوانی، بە راستگۆیی، لە رێگای وتووێژی بەرامبەریی و یەکسەریی و راستەوخۆوە، ئامانجی نووسینی { پریسترۆیکا} یە.
**تا ناسین پتر بێ، ئاشنایەتی و دۆستایەتی پتر دەبێ، گومان لە یەکتر کردن و لێك غەریب بوون و یەکتر بە دوژمن زانین، کزتر و دوورتر دەبێ.**
**دیارە باشترین جۆرە ناسینێکیش ئەوەیە: ناسینێکی (ژیرانە) و (ویژدانیانە) بێ. لەسەر بنەمای (سەر و دڵ)، هۆش و سۆز، هەردووکیان دامەزرابێ.**
بۆیە گۆرباچێڤ تەنێ ئاخاوتنەکانی بە لۆژیکێکی توند و بەڵگە و روانگەی مێژوویی و بیری ئاسۆ فراوان داناڕێژێ، بەڵکو ئەوەش لە بیر خۆی یان خوێنەر ناباتەوە کە وەکو مرۆڤێکی ئەم سەردەمە، مرۆڤێکی بیرکراوە و دڵکراوەی ئەم سەردەمە، بۆ مرۆڤانی دیکەی ئەم سەردەمە دەدوێ. پرۆژەیەکیان پێشکەش دەکا کە هیوادارە بە دڵیان بێ، بە گەنی بکەن، یان، گرنگتر لەمە، ئاخاوتنێکی دوور لە دۆگما و دوگمە و قفڵی ستیریۆتایپی زەینیی، لەگەڵدا بەرپا بکەن.
ئەوەی { پریسترۆیکا} بخوێنێتەوە و ، **ئەوەی لەوەتی هاتنە سەر کارییەوە چاودێری گوفتار و رەفتار و کرداری گۆرباچێڤی کردبێ و لەچوارچێوە و بۆتە و هەلومەرجی مێژوویی دەرکەوتنی حاڵی بووبێ و برێ بە ویژدان بێ، ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکا کە گۆرباچێڤ لەو پرۆژەیدا، لە مەبەست و نیازەکانیدا، راستگۆیە. قەناعەتێکی ویژدانی و رووناکبیرانەی پتەوی بە پەیامەکەی خۆی هەیە و سوورە لەسەر ئەوەی، بەهەر نرخێك بێ، بیباتە سەر.**
بەڵام ئەو پەیامەی گۆرباچێڤ چییە؟
لە کوێوە دەست پێ دەکات؟
چی گەرەکە؟
چۆن شوێنی خۆی لەناو قەدی رووداو و ئاڵوگۆڕە خێرایەکانی ئەم سەردەمەدا دەکاتەوە؟! ئایا بە راست سەرەتایەکی نوێ بۆ دنیای پڕ ناکۆکی و جەنگ دادەمەزرێنێ؟
بۆ ئەم مەبەستە گوێ بۆ گۆرباچێڤ خۆی شل دەکەین و هەنگاو بە هەنگاو کتێبەکەی شی دەکەینەوە.

## 2 پریسترۆیکا: چی؟!

پریسترۆیکا: ناونیشان و ناوەڕۆکی پرۆژە و پەیامەکەی گۆرباچێڤە. کتێبەکەش بەم ناوەوە ناو نراوە.
پریسترۆیکا: مانای دارشتنەوە، بنیات نانەوە، یان تەنانەت ژیان بە بەردا هێنانەوەش دەگەیەنێ.
هەروەك لە ناوەکە و ماناکەیدا دەردەکەوێ، پریسترۆیکا:
1- کردارە
2- کردارێکی بەردەوامە یان پرۆسەیە چونکە
3- بە رابردوویەکەوە گرێ دراوە کە دەیەوێ لێی جیابێتەوە و بۆ ئایندەیەك خۆی دەکوتێ کە دەیەوێ خۆی لە گەڵدا جووت بکا.

واتە: کەسێتیی و هەوێتیی و هەبوونی پریسترۆیکا لە ئایندەدایە، نەك لە رابردوودا.
پریسترۆیکا: رابردوو دەکاتە سەرەتاگەیەك، کەرەسەیەك، مەتریاڵێك، بابەتێك بۆ شیکردنەوە و رەت کردنەوە و دارشتنەوە و بنیات نانەوە.
رابردوو بەشێکە لە پرۆسەکە.. مەتریاڵی سەرەتایی پرۆسەکەیە.
بەڵام هەر لەو کاتەیشدا دژەکاری پرۆسەکەیە.. دژەتێزە لەگەڵ حازردا، لەگەڵ داخوازییەکانی حازردا، لەگەڵ پێویستییەکانی پریسترۆیکا.
ئەمەیە کە دیالەکتیکی پریسترۆیکا، دینامیکیەتی ناوەوە و دەرەوەی پێك دێنێ.
پریسترۆیکا: گۆڕانە، گۆڕانی گەورە، گۆڕانی رادیکاڵی. گۆڕان بە مانای دروستکردنەوەی کۆمەڵگا وەك کۆمەڵگایەکی نوێ، تەواو نوێ و دابڕینی لە رابردوو، دابڕینێکی رادیکاڵی، تەواو رادیکاڵی.

## 3 تایبەتێتی و گەردوونی پریسترۆیکا

پریسترۆیکا ئەمڕۆ بۆتە وشەیەکی جیهانی.
مرۆڤانی وریای هەر وڵاتێکی ئەم دنیایە دەزانن کە ئەم وشەیە دەستنیشانی ئەو سیاسەتی نوێکردنەوە و گۆڕینە دەکا کە گۆرباچێڤ لە یەکێتی سۆڤیەتدا دەستی پێ کردووە.
هەر ئەم دیاردەیە راستییەکی گرنگ دەربارەی پریسترۆیکا دەردەخا: کە تایبەتێتی و گەردوونیی پریسترۆیکایە.

یەکێتی سۆڤیەت دەوڵەتێکی مەزن و وڵاتێکی بەرفراوانە، سوپەرپاوەرە. لە ئێستاو رابردوو- و داهاتوودا دەورێکی گەورەی هەبووە و دەبێ لە بڕیاردانی ڕێڕەوی مێژوویی مرۆڤایەتیدا..
ڕێڕەوی پریسترۆیکا بە حەز و گرنگی و بایەخێکی گەورەوە لە تەواوی دنیادا چاودێری دەکرێ.
بەرهەم و ئاڵوگۆڕ و ئەنجامەکانی بۆ هەموو دنیا گرنگ و کاریگەرن. گۆرباچێڤ ئەمە باش دەزانێ. هەر لەم باش زانینەوەیە کە دەیەوێ بە راستی پریسترۆیکا بکاتە رووداوێکی گەردوونیی، پرۆسەیەکی گەردوونیی، کە نەك تەنیا رووناکبیران و کۆمەڵانی خەڵك لە یەکێتی سۆڤیەتدا تێیدا بەشدار بن، بەڵکو تەواوی مرۆڤایەتی تێیدا خاوەن دەنگ و سەرنج و بیروڕا بن.
بۆیە پریسترۆیکا وەك پرۆژەی: بیرکردنەوەی نوێ بۆ سۆڤیەت و بۆ جیهان پێشکەش دەکا.
لە پێشەکییەکەشیدا زۆر بە تەنگ ئەوەوەیە کە پریسترۆیکا تەنیا بە چارەسەرێك بۆ کێشە و گیروگرفتی ناوخۆی سۆڤیەت، بە تایبەتی گیروگرفتی ئابوری و تەکنەلۆژی، دادەندرێ، بەڵکو بە ( بیرکردنەوەیەکی مێژوویی نوێ) بۆ خۆ و بۆ جیهان.
(بیرکردنەوەیەکی مێژوویی نوێ، کە بەراستی هەموو گیروگرفتە بنچینەییەکانی ئەم سەردەمەمان دەگرێتە خۆی). (p.12)
ئەم گیروگرفتانەش بە فراوانی ئەمانەن:
لابردنی هەڕەشەی جەنگی نیوترۆنی، لابردنی پێشبڕکێی چەك دروست کردن و خۆ چەکدارکردن، گیروگرفتە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان، گیروگرفتەکانی بەرهەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی.. هتد.
ئەم گیروگرفتانە، بە لای گۆرباچێڤەوە، هی تاکە نەتەوەیەك و رژێمێك و کۆمەڵێك نین. هی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتین بەیەکەوە و دەبێ بەیەکیشەوە بەرەنگاری ببنەوە. گۆرباچێڤ دەنوسێ:
( لەگەڵ هەموو ئەو ناکۆکییانەی جیهانی ئەمرۆماندا، لەگەڵ هەموو جیاوازی و زۆر جۆریی سیستەمەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا تێیدا، لەگەڵ ئەو هەموو ئیختیارە جیاوازانەی لەلایەن نەتەوەکانەوە لەکاتی جیاوازدا دەکرێ، **ئەم جیهانە لەگەڵ ئەمانەشدا: یەك هەموو- وە ئێمە هەموومان رێبواری ناو یەك پاپۆڕین، زەمین، پێویستە نەهێڵین تێك بچێ. کەشتییەکی نووحی تر بە فریامان نایە). (p.12)**
لەم روانگەیەوە، پریسترۆیکا، بانگەوازێکە بۆ بەرپاکردنی جۆرە بیرکردنەوەیەکی نوێ لە ئاستی جیهانیدا و لە ئاستی مرۆڤایەتیدا تا

خەڵکی باشتر لە یەکدی تێ بگەن و هەست کردن بە جیهانێتی و گەردوونێتی کێشەکان پتر بێ و قووڵتر بێتەوە.

## 4 گەردوونێتی پریسترۆیکا

ئەو گەردوونێتییەی پریسترۆیکا کە گۆرباچێڤ باسی دەکا بە توندی گرێ دراوە بە تایبەتیتی پریسترۆیکاوە وەك دیاردەو وەزعێکی مێژوویی یەکێتی سۆڤیەت. بۆیە بەر لە هەموو شتێك و تەنانەت لە سەرووی هەموو شتێکەوە، ئەم گەردوونێتییەی پریسترۆیکا لە روانگەی گۆرباچێڤەوە پێوەندی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و ئەمەریکا، وەك دوو هێزی هەرەمەزن و خاوەن خواست و توانست لە دیاریکردنی رێڕەوی رووداوەکانی ئەم سەردەمەدا، دەگرێتەوە. گۆرباچێڤ دەنووسێ:

[سیاسەت دەبێ لەسەر بنچینەی واقیع دابمەزرێ. واقیعی هەرەسەختی جیهانی ئەمڕۆش ئەو عەمبارە زلانەی چەکی سەربازییە، چ چەکی تەقلیدیی و چ نیوترۆنیی کە ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت هەیانە.. ئەمە لێپرساوییەکی تایبەتی بەرامبەر هەموو جیهان دەخاتە سەر هەردوو وڵاتەکەمان.. ئێمە کە هۆشیاریمان لەمەڕ ئەو راستییە هەیە، بە راستی دەمانەوێ پێوەندییەکانی ئەمەریکی-سۆڤیەتی باش بکەین و بە لای کەمەوە ئاستی هەرە کەمی لە یەکتر گەیشتن، کە بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلانەی بۆ پاشەڕۆژی دنیا زۆر پێویستن بەدەست بهێنین.

( ئێمە بە ئاشکرایی دەیڵێین کە ئاواتی دەسەڵاتی هەرەگەورە بەدەست هێنان و تەمای دنیاگیری ئەمەریکا دەدەینە دواوە. ئێمە حەزمان بە هەندێ لایەنی سیاسەتی ئەمەریکیی و شێوەژیانی ئەمەریکی نییە. **بەڵام ئێمە رێزی مافی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هەر گەلێکی دی دەگرین، کە بە پێی دەستوور و رێ و رەسم و یاسا و زەوقی خۆیان بژین.** ئێمە دەزانین و حیساب بۆ ئەو دەورە مەزنە دەکەین کە ئەمەریکا لە جیهاندا دەیبینێ، بەشداری ئەمەریکا لە شارستانێتی جیهاندا بەنرخ دەگرین، حیساب بۆ بەرژەوەندییە رەواکانی ئەمەریکا دەکەین و دەرك بەوە دەکەین کە بە بێ ئەو وڵاتانە، مەحاڵە هەڕەشەی کارەساتی نیوترۆنی لاببرێ و ئاشتی بەردەوام مسۆگەر بکرێ.

( ئێمە نیازی خراپمان بەرامبەر گەلی ئەمەریکی نییە. ئێمە ئارەزوومەندین و ئامادەین لە هەموو بوار و مەیدانێکدا هاوکاری بکەین... ئێمە لەوە دوورین بۆچوونی خۆمان بە تاکە بۆچوونی راست

بزانین. ئێمە چارەسەری گەردوونیمان ( بۆ گیروگرفتەکان) نین، بەڵام ئامادەین بە دڵسۆزی و ئەمانەتەوە لەگەڵ ئەمەریکا و وڵاتانی تردا هاوکاری بکەین بۆ گەڕان بە دوای وەڵامدا بۆ هەموو گیروگرفتەکان تەنانەت هەموو گیروگرفتە قورسەکانیش). (p.13)

روانین بۆ کێشەکانی دنیا لە روانگەی دەوری سەرەکی ئەمەریکا و سۆڤیەتەوە، خەسڵەتێکی دیاری بیرکردنەوەی پریسترۆیکایی گۆرباچێڤە!!